

سیروان کاروانی

# نەستەقەچیرۆک"5"

## "کوشە"

کوشە پیاوێکی بێماڵ و بێبەرگ و تەواو بێنەوا بوو. ئەو بەرۆژەوە، لە کوچــە و کــۆڵان و نــاو گەرەکــەکان دەگەرا و بەو شێوەیە چواردەوری ئاوایی دەپشکنی. جارجارەش ناو کێڵگە و مەزراکانی هــەر بەســەر پێــوە بەسەردەکردەوە. ئەو وەختانەی بە تەنیشت دیوارەکانەوە دەرۆیی، دەستی پێیانــدا دەهێنــا و هــەر لەبــەر خۆیەوە دەیگوتەوە: "بە هەق غەوس". بەو شێوەیە لەتەنانێک لێرە و پیاڵەچایەک لەوێ و قوومەئاوێک لە زێ، ئیتر گەدەیشی ڕازی دەکرد و گڕی برسێتیی دادەمرکاندەوە.

پاشنیوەڕوانێک، کاتێک کوشە لە ئاواییەوە بەرەوخوار شۆڕبووەوە، لەناو بێستان تووشی حەسەنەکەرِ بوو. حەسەن لە نزیکەوە تێیڕوانی و پرسیی:

- هۆ مام کوشە! داخۆ چۆنی؟
- گەلێک باشم.
- باشە، برسیت نییە؟
- جا من کەی تێر بوومە!
- دەی ئەوە کاڵەگێکی شیرین و ئەو نانەمەزرەقەیەش تەڕ بکە و لەگەڵی بیخۆ، با ئەمجارەیان تێر بیت.
- نا، نەخێر.. یەکێکیان وەردەگرم، یان کاڵەگەشیرینەکە یان نانەمەزرەقەکە.
- ئێ کورە نان بەتەنها و کاڵەگ بەتەنها تێریان پێ ناخۆیت، دە وەرە پیاوی بــاش بــە و وەریــانبگرە و بیانخۆ.
- هەئەهووو، دیسان لەبیرت چوو؟
- ئێ باشە بۆ؟ منی کورِە مەلا خۆ نەیانم دزیوە، ماڵی حەڵاڵی خۆمن و بیانخۆ با نۆشی گیانت بن.
- نا نا حەسەکە! من لە هەر شوێنەی یەک شت وەردەگرم. با تێک نەترشێ.

کوشە، نانەمەزرەقەکەی دەست دایە و لەوناوە دوورکەوتەوە. ئەو تا سەر زێیەکەی خوار ماڵان گیرنــەبوو، لەوێش نانەکەی بە قوومەئاوەوە لە زێیەکەوە خوارد و وەک پیشەی هەمیشەییی خۆی بارتەقای دوو مــست ئاویشی لە تەنیشت خۆیەوە ڕشت. ئاخر کوشە، زۆربەی تەمەنی خۆی بــە تــەنها بەســەربرد، بۆیــە بــەو دواییی تەمەنەش لەگەڵ زۆر کەس نانی نەدەخوارد و ئاوی نەدەخواردەوە.

(تا ئەو رۆژە، کەس نەیدەزانی کوشە لەگەڵ تەنهایی چی دەکات. حەسەن بیری کردەوە: بەڵام داخۆ شەوانە لەگەڵ کێ دەدوێ؟

هەفتەیەک تێپەڕی. دیسان کوشە لە ئاوایی وەدەرکەوت. ئەمجارەیان، سەرەتا چووە سەر زێیەکە. لەوێــدا، پاڵکەوت و تۆزێک حەسایەوە. هەر هێندەی چاوگەرم کردنێکی پێ چوو، دەستی درێژ کرد مشتێک ئــاوی لــە زێیەکەوە هێنا بۆ ئەوەی فڕی بکات، بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی بیخواتەوە چونکە تینووی نەبوو.

لەپڕ حەسەنەکەڕ بە کاڵەگێکی دەستییەوە بەدەرکەوت کە بەرەو سەرزێیەکە دەخولایەوە. حەســەن، ڕۆژانــە میوەیەکی بەتامی لە بڕکێکی بێستانەکەی دەکردەوە و کاتێک بەتەواوی گەرما دادەهــات و ئــەویش مانــدوو دەبوو، بۆ سەر زێیەکە شۆڕ دەبووەوە. لەوێدا لــە قــەراغ ئاوەکــەوە، چاڵــێکی لــەناو لمــە نەرماوەکــەدا

هەڵدەکەند و میوەکەی دەخستە ناویەوە و لماوی فێنکی بەسەردا دەدا. بەو شێوەیە هەتا حەسەن هێندێک پشووی دەدا میوەکە فێنک دەبوو، پاشان دەری دەهێنا و ئاوێکی جوانی پێدا دەکرد و بە ڕێکوپێکی خاوێنی دەکردەوە، دوایی بە هێواشی بەسەر تاشەبەردێکی تیژیدا دەدا و دەیکۆڵی و دەیخوارد.

ئەو ڕۆژەش، حەسەن هەروەک جاران کاڵەگێکی زەرد و گەییوی بەدەستەوە بوو. کاتێک کوشەی لە قەراغ ئاوەکە بەدی کرد، ڕێڕەوی خۆی گۆڕی و بەرەو لای کوشە هەنگاوی نا. کوشەش هەر بە نزیکبوونەوەی حەسەن، ئاسوودە بوو و ئەمجارە دەیویست تەنهایی بڕەوێنێتەوە.

- مام کوشە، سڵاوت لێ بێت.
- سڵاو لە تۆش حەسەکە.
- مام کوشە، برسیت نییە؟
- با. چیت پێیە؟
- کاڵەگێکی خۆشم پێیە و تاوێکی تر دەیخۆین.

حەسەن هەروەک جارانی پێشوو چاڵێکی لەناو لمەکەدا هەڵکەند و کاڵەگەکەی خستە ناویەوە و لمە فێنکەکەی بەسەردا دایەوە و هێندێک ئاوی بەسەردا کرد. لە پاش ئەوە، چوو و لە تەنیشتی کوشەوە دانیشت. ئەوسا کەوتە دواندنی کوشە. حەسەن گوتی:

- مام کوشە! حەز دەکەم هێندێک قسەی خۆشم بۆ بکەی. شتێکی خۆشم بۆ بگێڕیتەوە و دواییش کاڵەگەکە دەخۆین.
- جا کوڕم حەسەکە! قسەی خۆش کوا ماوە؟ شتی خۆش کوا ڕوودەدات هەتا منیش بۆتی بگێڕمەوە؟ ئاخر وردە وردە شتی خۆش گوم دەبێت.
- ئێ باشە. شتێکی وەختی خۆییم بۆ بگێڕەوە. ئەی زەمانی خۆی چۆن بوو؟
- ئا باشە، ئەوەیان باشە. گوێت لێیە: بە هەق غەوس، من لەوەتای هەم هەر وا بوومە. تاقەتی ئێشم نەبووە، نازانم بۆ. هێندێک کەس لایان وابوو من شێتم، هێندێک کەس لایان وابوو من تەمبەڵم و هێندێک کەسیش لایان وابوو کە من پیاوێکی نوورانیم و، ئیتر دەبێ هەموو یارمەتیم بدەن و نابێ کەس داوای ئیشوکارم لێ بکات. هەر چۆنێک بێت ئەو جۆرە خەڵکە ئەزیەتیان نەدەدام و شعووریان بریندار نەدەکردم. ئەوسا خەڵک زۆر زەبوون بوون، سەرەڕای ئەوە منیش سەرم بە هەر ماڵێکدا دەکرد خواردنیان لە پێش دادەنام و، ئەگەر پێویستیش بووایە جلوبەرگەکانیان بۆ پینە دەکردم.

کوڕم حەسەکە وەختی خۆی زۆر شت باشتر بوو و دیارە ئێستاش زۆر شت باشترە. دونیا هەر ئەوەی پێشترە، بەڵام خەڵکی گۆڕاون.

- باشە مام کوشە، جیاوازیی ئێستا و جاران چییە؟ تۆ ئەوەم بۆ باس بکە.
- کوڕم حەسەکە جیاوازییەکە ئەوەیە زوڵم و زۆرداری بە جۆرێکی تر بەکاردەهێنرێت. مشەخۆران، گەندەڵچییان و گزیران عالەمەکەیان شێت و وێت کردووە. من هەر ئەوە دەڵێمەوە: بە هەق غەوس هەمووی تێک ترشاوە.

2006.12.27